Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian. . Conf-2019-16

# کاریگەری گرووپەکانی خوێن
# لە دروستبوونی کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتیەکان

خالید ئەحمد مستەفا

کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکانی- زانکۆی سلیمانی

***Article Info***

Received: May , 2019

Accepted: October , 2019

Published : April, 2022

***Keywords***

گرووپەکانی خوێن - کێشەی خێزانی – کێشەی کۆمەلایەتی - کاریگەری

***Corresponding Author***

Khalid.mustafa@univsul.edu.iq

**پوختە**

کاریگەری گرووپەکانی خوێن لە دروستبوونی کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتیەکان

.بیرۆکەی ئەم توێژینەوەیە ئەنجامی بەدواداچوونی زیاتر لە پێنج ساڵی تەمەنم و هەڵسەنگاندن و بەراوردکرن گەلاڵە بووە.

بۆ سەرخستن و پشتراستکردنەوەی ئەم بیرۆکەیەشم پشتم بەستووە بەچەندین ڕاپرسی و لێکۆڵینەوەی دەرەکی و ناوخۆیی وەهەروەها چەندین ساڵی مامۆستایەتی خۆم و دواجاریش ڕاپرسیەکی مەیدانی کە لەزانکۆی سلێمانی وچەند شوێنێکی تر سازمکردبوو گەیشتمە ئەنجامێك کە خۆم چاوەڕێم دەکرد. دیارە لای هەموو تاکێکی ئیمە کە کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتیەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ لەزیادبوون دایە و هۆکاری بەشێك لە گرفتەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هاوژینەکان ڕاو بۆچوون و بیرکردنەوەی جیاوازیان هەیە و کەمترلەیەکدی تێ دەگەن، بۆیە گرفت لەنیوانیان دروست دەبیت و هەر لایەك هەوڵی ئەوە دەدات بەرامبەرەکەی وا لێبکات وەك ئەو بیر بکاتەوەو هەڵوێست و بڕیارو حەزەکانی وەك ئەو لێبکات، دیارە ئەم هەوڵەش کارێکی سەختەو کورد گوتەنی ( خوی شیری هەتا پیری ). وە ئەوەی من دەمەوێت لەم توێژینەوەیە پێی بگەم ئەم ڕاستیەیە کە هاوژینەکان لەوە تێبگەن گرووپەکانی خوێن گاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە بەسەر دروست بوونی کەسایەتی مرۆڤەکان و ئەمەش وا دەکات کەهەر گروپێکمان بیرکردنەوەو کەسایەتیەکمان هەبێت تا ڕادەیەك جیاوازە لەوانی تر ، تێڕوانین و بیرکردنەوەو هەڵوێست و سروشتی ژیان بەڕێکردنمان جیاواز بیت لەیەکتری، بۆیە دەبێت هاوژینەکان یەکتریان قبوڵ بیت بەو سیفاتانەی کە خوای گەورە بەهەر یەکێکیانی بەخشیوە.وە دەبێت مرۆڤەکان خۆیان باش بناسن وخاڵی بەهێزو لاوازی پیکەوەژیان لەگەڵ یەکتری بدۆزنەوە تا باشترین مامەڵە هەڵبژێرن و دوور بن لەگرفت. ئەم توێژینەوەیە دەروازەیەك دەبیت بۆ زۆرێك لەو کەسانەی کە بەدوای خویندنەوەی سروشتی مرۆڤەکان دا دەگەڕێن.

## پێشەکی و ڕێخۆشکردن

**بسم الله الرحمن الرحيم**

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين سيدنا محمد وعلى آله وأصحابه وأتباعه الى يوم الدين.

له ژێر ڕۆشنایی ئایەتی : (وَفِي أَنْفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ) [1] وه بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم تێروانین و سەرنج دانەی کە قورئان داوامان لێ دەکات ، بەردەوام بانگخوازان و چاکخوازان و پەروەردەکاران و دەروونناسەکان هەوڵیان داوه لە کەسێتی مرۆڤەکان بکۆڵنەوەو سروشت و ئاکارو ڕەفتارە باش و خراپەکانی دیاری بکەن.

دیاره مەبەستیش لەم پەیامەی خواییە بۆ ئەوەیە دین وژینی مرۆڤ ڕێك تر بێت و لەبەختەوەری و ئاسودەیی هەردوو دونیا بێ بەش نەبێت.

کاتێ سەیری ئایەتەکانی تری قورئانی پیرۆز دەکەین دەبینین ئاماژەی بەکۆمەڵێك سیفاتی هاوبەشی مرۆڤەکان کردووه تاوەکو مرۆڤ باشتر خۆی بناسێت.

توێژەران هەر لەکۆنەوە تاوەکو ئێستاش هەوڵیان داوه سروشتی مرۆڤ بخوێننەوە و چەندین پەرتوکیشیان لەم بارەیەوە نووسیوه.

یەکێك لەو توێژینەوانەی [2] کە یابانیەکان لەساڵی ١٩٣٠ لەبواری سەربازی دا و پێش زۆر وڵاتانی تر پێ یەوە سەرقاڵ بوون و تا ئێستاش وەکو یاسایەکی پێکەوە ژیان گرینگی پێ دەدەن (خوێندنەوەو دیاریکرنی کەسێتی مرۆڤە لە ڕێگەی گرووپەکانی خوێنەوە).

وه دوابەدوای ئەوانیش چەندین لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەم بارەیەوە لە وڵاتانی ترو لە یەکێك لە پارێزگاکانی عیراقیش [3] ئەنجام دراوە .

ئەوەی پاڵی بەمنەوە نا بۆ ئەم توێژینەوەیە ئەوەبوو کە زۆرێك لەناکۆکیە خێزانیەکان هاوشێوەی یەکترین و هەمان هۆکاریان لەپشتەوەیە، وە بەحوکمی ئەوەی لە ئەرکی مامۆستایەتی و مەلایەتی ئاگاداری چەندین کێشەی خێزانەکان دەبین ، بینیومانە کێشەی زۆرێك لە خێزانەکان هاوشێوەو دووبارەی ئەوانی ترە.

ئەم دیاردەیەش وای لەمن کرد کە بەدواداچوونی زیاترو لێکۆڵینەوەی مەیدانی بکەم لەسەر گروپەکانی خوێن و بەراوردیی دەرەنجامەکانی ئەم گرووپانە لەسەر فێرخوازان و دۆست و ئەو کەسانەی مامەڵەم لەگەڵیان کردوە بۆ ماوەی چەندین ساڵ، وە بە تایبەتیش لەکاتی وتنەوەی وانەی ( طرائق التدريس).

بۆیە لەم بەدواداچوونانەی کردوومە قەناعەتێکی زۆرم بۆ درووست بوە کە سیفاتی هەر گروپێگ جیاوازە لەوانی ترو، لەوانەشە سیفاتی هاوبەشی زۆریش لە نیوان گروپە جیاوازەکان هەبێت بەنمونە وەك عینادی.خوای گەورە مرۆڤی هەر گروپێکی بە چەند تەبیعەتیکی تایبەت دروستکردووەو هاوشێوەیی زۆریشیان تێدایە و لەگەڵ یەکتری ئەگونجێن، هەر وەك تراوە ( الطيور على أشكالها تقع )[4].

بەڵام ئەم هاوشێوەییەش ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤەکان قابیلی گۆرانکاری لە تەبیعەت دا نین و بەڵکو مرۆڤ دەتوانێت پەروەردەی خۆی بکات و کۆنترۆڵی سیفاتە خراپەکانی بکات لە ڕێگەی لێپرسینەوەی خودی خۆی، دیارە لێرەش دا کاریگەری پەروەردەیی و ئاینیی زۆرە بۆ گۆرانکاری لە خورەوشت وتەبیعەت دا، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرمویت هەموو مرۆڤیك هەلووع دروست بووە، واتە کاتێك دەکەوێتە نارەحەتی دەشێوێت و پەشۆکانی پێوە دیارەو کاتێکیش دەکەوێتە خۆشی و خۆشگوزەرانی دەستی دەگرێتەوەو خێر ناکات و بەخشینی نیە، مەگەر ئەو کەسانە وانەبن کە نوێژ خوێنن و جەند سیفاتێکی تری دیندارانەیان تێدایە (إِنَّ الْإِنْسَانَ خُلِقَ هَلُوعًا (١٩) إِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ جَزُوعًا (٢٠) وَإِذَا مَسَّهُ الْخَيْرُ مَنُوعًا (٢١) إِلَّا الْمُصَلِّينَ) [5]

ئامانجیشم لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە هەر بۆ ئەوەیە کە بتوانین وەك چاکخوازان وپەروەردەکاران سود لەم باسەش وەربگرین بۆ چارەسەری کێشە خێزانی وکۆمەڵایەتیەکان، دڵنیاشم هەر کەسێ بە باشی لەم باسە تێ بگات بیرکردنەوەی تەواو دەگۆڕدرێت ؛چونکە لێرە بەدواوە خۆیشی دەناسێت و بەرامبەرەکەشی دەناسێت، واتە دەزانێت خاڵی لاواز و بەهێزی ( ئەرێنی و نەرێنی )لە کەسێتی خۆیدا چییەو هەوڵی چاکسازی لەخودی خۆیدا دەدات ، بەهەمان شیوە خاڵی لاواز و بەهێزی کەسێتی بەرامبەرەکەشی دەناسێت، جا ئەو بەرامبەرەی هاوسەری بێت یان مامۆستا یان قوتابی یان باوك و دایك یان مناڵ یان هاوڕێ. بەمەش هەوڵ دەدات کەمترین کێشە لەگەڵ خەڵکیدا دروست بکات و تێ دەگات کە خوای گەورە مرۆڤەکانی لە سەر تەبیعەت و سروشتی جیاواز دروستکردوە، وە جیاوازییش بەدیاردەیەکی ئاسایی وەردەگرێت و هەوڵ نادات هەموو کەس وەکو ئەو بیر بکاتەوەو موحاسەبەی دەوروبەریشی لەسەر ئەم جیاوازییە ناکاتء . ( وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ (١١٨) إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ ) [6]

لەم توێژینەوەیەدا مەنهەج و ڕێبازێکی دیاریکراوم گرتۆتە بەر کە وەسفیی شیکاریە .

وه پلانێکیشم داناوە ئەویش بەم جۆرەی خوارەوەیە.

باسی یەکەم: جیاوازی لە دروست کردنی مرۆڤەکان لە قورئان و فەرموودەدا

تەوەری یەکەم :جیاوازی لە دروست کردنی مرۆڤەکان لە قورئان دا.

تەوەری دووەم:جیاوازی لە دروستکردنی مرۆڤەکان لە فەرموودەدا.

باسی دووەم: سیفات و تایبەتمەندییەکانی گرووپەکانی خوێن

تەوەری یەکەم:گرووپی (O) و دیاریکردنی سیفات و تایبەتمەندیەکانی.

تەوەری دووەم:گرووپی (B) و دیاریکردنی سیفات و تایبەتمەندیەکانی.

تەوەری سێ یەم:گرووپی (AB) و دیاریکردنی سیفات و تایبەتمەندیەکانی.

تەوەری چوارەم: گرووپی (A) و دیاریکردنی سیفات و تایبەتمەندیەکانی.

باسی سێ یەم : چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە گرووپەکانی خوێن

تەوەری یەکەم:چۆن سوود لە گروپەکانی خوێن وەربگرین لە پێگە جیاوازەکاندا.

تەوەری دووەم:چۆن سوود لە گروپەکانی خوێن وەربگرین بۆ دیاریکردن و سەرهەڵدانی کێشەکان و چارەسەرکردنیان.

تەوەری سێ یەم:خوێندنەوەیەکی ورد لەسەر ڕاپرسیە مەیدانیەکە و هەڵوەستەکردن لەسەر دەرەنجامەکان.

لەکۆتاییدا دەڵیم:

ئومێد دەکەم ئەم توێژینەوەیە وەك هەموو بوارەکانی تری چاکسازی ببێتە ڕێگەچارەیەکی تر بەدەست خەمخۆرانی ئەم بوارە تاوەکو بەکاری بهێنن بۆ کەمکردنەوەی کێشە خێزانیەکان ، نەوەك وەکو فەلسەفەیەکی خۆ هەڵکیشان بەکار بهێنرێت کە گوایە لێهاتووین و ناخی مرۆڤەکان دەخوێنینەوە.

ئەوەی کە وتوومەو نوسیوومە کاری مرۆڤەو ڕاست و ناڕاستی تێدایە، بەڵام لەبەر خوا نوسراوە و لێ ی دەپاڕێمەوە کە لێمان وەربگرێت وەك کارێکی چاك و بەرەکەتی تێ بخات، وە ئەگەر هەڵەشم کردبێت لێم ببورێت و لێم خۆشبێت و ڕاستیش بخاتە دڵمەوە.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين وصلى الله وسلم على نبينا محمد

باسی یەکەم: جیاوازی لە دروستکردنی مرۆڤ لە قورئان و فەرموودەدا

تەوەری یەکەم : جیاوازی لە دروستکردنی مرۆڤ لە قورئان دا

گومان لەوەدا نیە کە خوای گەورە ئێمەی مرۆڤی دروست کردووە و هەریەکێك لە ئێمەی لەسەر سروشت و تەبیعەت و حەز و ئارەزوی جیاواز دروست کردووە. سروشت و سیفاتی مرۆڤیش بەپێی توێژینەوە پزیشکیەکان لە ڕێگەی جینەکانەوە دیاری دەکرێت و ئەوان هەڵگری هەموو خولیا و ئارەزو و بیرکردنەوەکانی مرۆڤن.

خوای باڵادەست لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بەوە کردووە کە مرۆڤی لە گڵ دروستکردووە و لە شێوە و ڕەنگ و ڕوخسار و ئاخاوتنی جیاواز کە ئەمانەش هەموو گەورەیی و بەتوانایی خوای باڵادەست دەسەلمێنن.

هەندێ لەم ئایەتانەی کە ئاماژە بەوە دەکات مرۆڤ لە گڵ دروست بووە:

١(قَالَ لَهُ صَاحِبُهُ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَكَفَرْتَ بِالَّذِي خَلَقَكَ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّاكَ رَجُلًا) [٧]

٢(وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَكُمْ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ إِذَا أَنْتُمْ بَشَرٌ تَنْتَشِرُونَ) [٨]

٣ .( وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ سُلَالَةٍ مِنْ طِينٍ ) [٩]

یەکێك لەو ئایەتانەی سەرنجی موفەسیرینی ڕاکێشاوە وشەی (سولالە) یە، خوای گەورە دەفەرموێت: ئێمە مرۆڤمان لە سولالە و ڕەچەڵەکی گڵ درووست کردووە ، ئاشکرایە کاتێك دەوترێت فڵان کەس لە سولالەی فڵانەکەسی باپیرە گەورەیەتی کە(١٠٠)ساڵ پێش ئێستا لە ژیان دابووە یەکسەر بە ئەنجامێك دەگەین کە هەندێ سیفەتی باپیرە گەورەکە لەم نەوەیەشیدا هەیە،وە وشەی(من)لە زمانی عەرەبیدا بۆ (تبعيض) بەکاردێت ، واتا هەندێ لە سیفاتەکانی باپیرە گەورە بۆ نەوە و وەچەکانی دەگوازرێتەوە نەوەك هەمووی ،لەبەر ئەوە کاتێك سەیری پێکهاتە و سروشتی زەوی و مرۆڤ دەکەیت ڕاستی ئەم ئایەتەت بۆ دەردەکەوێت کە مرۆڤ سولالەی زەویە.

بۆ نموونە لە زەویدا تا ئێستا(١١٨)توخم دۆزراوەتەوە [١٠] وەك(ئاسن،کالسیۆم،پۆتاسیۆم،مس...)وە لە جەستەی مرۆڤیشدا نزیکەی بیست لەم توخمانە پێکهاتەی سەرەکی جەستەی مرۆڤن[١١] . دیارە سروشتی زەوی لە ڕووی دۆخ و ڕەنگی خاکەکەی جۆراوجۆرە(ڕەش،سپی،سوور،زەرد...) بەهەمان شێوە مرۆڤەکانیش ڕەنگیان جیاوازە. لە ڕووی تۆکمەیی و پتەوی خاکەکەی (ڕەق،نەرم، تێکەڵ)هەیە و بەهەمان شێوەش مرۆڤی(زۆر ڕەق و توند،نەرم و نیان، مامناوەند)هەیە.

لە ڕووی سوود وەرگرتن لە ئاودێری و چاکسازی: زەوی هەیە ئاو دەگرێتە خۆی سودی لێدەبینین و دەگەشێتەوەو گۆڕانکاری بەسەریدا دێت، زەویش هەیە نە ئاو نە پەین گۆڕانکاری بەسەر سروشتیدا ناهێنێت زەویش هەیە مامناوەندە. مرۆڤەکانیش بەهەمان شێوەن لەم ڕووەوە جۆراو جۆرن. بۆیە کاتێك قورئانی پیرۆز وشەی (سولالە)ی بۆ مرۆڤ بەکارهێناوە تەواو پێکاویەتی و مرۆڤەکانی لە چ بەشێکی خاکەکە درووست بووبن زیاتر تەبیعەتی ئەم خاکەیان وەرگرتووە.

وەهەروەها لە ڕووی جیاوازی تەبیعەت و روخسارەوە قورئانی پیرۆز بە ئاشکرا ئاماژەی بەوە کردووە دەفەرمووێت (وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ) [١٢] قورئانی پیرۆز ئاماژەی بەوە کردووە کە مرۆڤەکان بە گشتی لە کۆمەڵێك سیفات هاوبەشن لەوانە لاوازی و بێدەسەڵاتی و لەبیرچونەوە [١٣] و پەلەکردن [١٤] و جیدال و موناقەشەکردن [١٥] و نەزانین و ستەمکردن [١٦] و بەغیلی [١٧] و کوفر و سپڵەیی [١٨] و تاوانکردن و ترسان و شڵەژان [١٩] و مەغروری و زێدەڕەوی [٢٠].

تەوەری دووەم : جیاوازی لە دروستکردنی مرۆڤەکان لە فەرموودەدا:

قورئانی پیرۆز تەنها باسی سیفاتە گشتیەکانی مرۆڤی کردووە هەروەك لە پێشتر ئاماژەم پێکرد بەڵام فەرموودەکانی سەروەرمان زۆر بە ڕاشکاوانە باس لە جیاوازی تەبیعەت و رەفتار دەکات.

یەکێك لەو فەرموودانە ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(درودی خوای لەسەربێت) فەرموویەتی:( الناس معادن كمعادن الذهب والفضة، خيارهم في الجاهلية خيارهم في الإسلام إذا فقهوا، والأرواح جنود مجندة، فما تعارف منها ائتلف، وما تناكر منها اختلف) [٢١] واتە:خەڵکی هەروەکو کانزاکان سرووشتیان جیاوازە هەروەك چۆن زێڕ و زیو تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە،کاتێك لە نەفامیدا سیفەتی جوان و باشی هەبوبێت کاتێك موسڵمان دەبێت زیاتر ئەم سیفاتە باشانەی لێدەردەکەوێت هەر بە باشی دەمێنێتەوە بە مەرجێك خۆی شارەزا بکات لە دین، دڵەکان سەربازی ئامادەکراون هەریەکەیان لەگەڵ هاوکوفی خۆی ئولفەت دەگرێت و ئەوەی وەك خۆی بێت لە تەبیعەتدا لێی نزیك دەبێتەوە و ئەوەشی جیاواز بێت لێی دووردەکەوێتەوە.

کەواتە ئەم فەرمودەیە بە ڕاشکاوی ئاماژە بەکۆمەڵێك شت دەکات لەوانە : تەبیعەت جیاوازی ، تەبیعەت گۆڕانی نیە مەگەر دین ڕێکی بخات ، وە زانست کاریگەری زۆری هەیە بۆ تەبیعەت گۆڕین ، مرۆڤەکان لەگەڵ هاوکوفی خۆیان هەڵدەکەن ، مرۆڤەکان لەگەڵ دژەکانی خۆیان ناگونجێن.

لە فەرموودەیەکی تردا ئەبو موسای ئەشعەری (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: ( إنَّ اللهَ تعالى خلق آدمَ من قبضةٍ قبضها من جميعِ الأرضِ فجاء بنو آدمَ على قَدْرِ الأرضِ فجاء منهم الأحمرُ والأبيضُ والأسودُ وبينَ ذلكَ والسَّهْلُ وَالْحَزْنُ والخبيثُ والطيبُ) [٢٢] .واتە:خوای گەورە کاتێك مرۆڤی دروست کرد لە مشتێك خۆڵ کە لە هەموو شوێنەکانی زەوی هەڵیگرت،بۆیە نەوەکانی ئادەم بە پێی سروشتی زەوی ئەوانیش جۆراوجۆر دەرچوون لە سوور و سپی و رەش و روخساری تریش، هەروەها لەواندا هەیە کەسی گونجاو و دڵتەنگ و چاك و خراپ و جۆری تریش. هەر بۆیە دەبینین پێغەمبەری سەروەر(درودی خوای لەسەر بێت) رەچاوی تەبیعەتی هاوەڵەکانی دەکرد و هەموویان یەك جۆر مامەڵەی لەگەل نەدەکردن،دەیزانی لە هاوەڵانیدا تەبیعەتی جیاواز هەیە و هەیانە زۆر عاتیفیە و هەیانە توندە و هەشیانە شەرمنە و هەشیانە بە کەڵکی پۆست و بەڕێوەبردن نایەت و چەندین تەبیعەتی تریش.

باسی دووەم : سیفات و تایبەتمەندییەکانی گرووپەکانی خوێن

ناتوانین بڕیار لەسەر کەسێتی مرۆڤ و تەبیعەتی بدەین لە ڕێگەی رووخساریەوە تا ئەو کاتەی مامەڵەی لەگەڵ دەکەین پاشان بۆت دەردەکەوێت ،بەڵام هەندێك لە توێژەران و دەروونناسان دەڵێن خەڵکی بەگشتی لەڕووی تەبیعەتیانەوە دەکرێن بە سێ بەشەوە [٢٣]:

- بەشێکیان عەقڵ و هەستیان لە دڵیان دایە و بەزۆریش هەردوو گرووپیO ) ، (Bلەو جۆرەن.
- بەشێکیان عەقڵ و هەستیان لە میشکیان دایە و بەزۆریش هەردوو گرووپی A ) ، (ABلەو جۆرەن.
- بەشێکیشیان عەقڵ و هەستیان لە هەردوو لایەنەوەیەو بە ڕێژە جیاواز.ئەوانەش لەتاك تاکی هەموو گرووپەکان بەدی دەکرێت.

هەر ئەو توێژەرانە وتویانە ئەو کەسانەی عەقڵ و هەستیان لەڕێگەی مێشکیانەوەیە زیاتر ماددی بیردەکەنەوەو ڕۆڵی عاتیفەو سۆز لایان کەمە.

بەپێی ئەم توێژینەوانە گروپی ( O, B) لەزۆر ڕووەوە لەیەکتری نزیکن و هاوڕێیەتی یەکتریان قبوڵەو زۆر لەگەڵ گروپی (A , AB ) یەك ناگرنەوە.

ڕێژەی هەستی دڵی لای گروپەکان بەم جۆرەیە:

٨٠% لەگروپی (B,O ) وە ٢٠% لای گروپی(A,AB)

ڕێژەی هەستی مێشکیش لای گروپەکان بەم جۆرەیە:

٨٠% لەگروپی (A,AB) وە ٢٠% لای گروپی(B,O )

زۆرێك لەو توێژەرانە لە ڕێگەی مەیدانی و بەدواداچوون سەلماندویانە کە هەندێ لایەنی کەسایەتی مرۆڤ دەتوانرێت لە ڕێگەی گرووپی خوێنەوە بزانرێت. هەر وەك لەتەوەرەکانی داهاتوودا باسی لێوە دەکەم.

تەوەری یەکەم : هەندێ لە تایبەتمەندیەکانی کەسێتی گرووپی(O) [٢٤].

١. بەم گروپە دەوترێت گرووپی بەخشندە و سەرکردە،بە جۆرێك دەیانبینیت کە زۆر دەبەخشن و دەستیان کراوەیە و لە هەمان کاتدا کەسایەتییەکی سەرکردەییان تێدایە لە ڕووی لێهاتوویی و بڕوابەخۆبوون و سووربوون لەسەر ڕای خۆیان و ماندو نەبوونیان.
٢. کەسانی کراوەن و سادە دەژین.
٣. چالاکی زۆریان هەیە و ماندوونابن.
٤. واقیعی دەژین ، بەڵام زۆر تەماح کارن لە ژیاندا و زۆر بەرز دەڕوانن.
٥. حەزیان لە پۆست و دەسەڵات و کورسیە.
٦. ئەگەر حەزیان لە شتێك بوو هەموو هەوڵێك دەدەن و بۆ بەدەست هێنانی و هەر قوربانیەك لە پێناویدا بدەن لایان ئاساییە.
٧. توانایەکی زۆریان هەیە لە ڕووی تەرکیزەوە و سەرنج دانیان بۆ شتەکان وردە و باش تێدەگەن.
٨. بە خێرایی لە شت و دەوروبەریان تێدەگەن .
٩. حەزیان لە وەرزشە.
١٠. دڵسۆزن بۆ کارەکانیان و لە کارکردنیشدا .
١١. حەزیان لە خوێندن نیە بەڵام زیرەکن.
١٢. کەسانی عاتیفین و دڵیان پاکە و ڕق و قین هەڵناگرن ، هەر ماوەیەکی کەمە و لە بیری دەکەن.
١٣. قەلەقی و دڵە ڕاوکێیان تێدا بەدی دەکرێت بۆ داهاتووی خۆیان.

هەندێ لە خاڵ و لایەنە لاوازەکانی کەسێتی گروپی(o) :

١. تا ڕڕێژەیەکی زۆر شەڕانین و پەرچەکداریان زۆرە و ناتوانن بێدەنگ بن لەسەر شتێك بە دڵیان نەبێت.
٢. غیرەیان زۆرە لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە لەلایان پیرۆزە و گەورەیە.
٣. زۆر زوو تووڕە دەبن.
٤. لە قسە کردندا هێرش کارن.
٥. تەبیعەتیان لە دوورەوە قورسە و هاوڕێیەتیکردن و لەگەڵ ژیانیان قورسە چونکە هەرشتێك بە دڵی نەبێت نایەنە ژێر باری و دۆستایەتی و خزمایەتی ناخوێنێتەوە لە هەڵوێستدا.
٦. لەسەر ڕای خۆیان سوورن و پاشەکشە ناکەن.
٧. تا ڕادەیەك وا دەردەکەون کە لووتبەرزیان هەیە.
٨. تا ڕادەیەك وا دەردەکەون کە خەڵکی بەکەم سەیر دەکەن.
٩. تا داواکاریەك ئەنجام دەدەن زۆر خاوکاری تێدا دەکەن و بۆیە هەندێ جار هەلەکانی ژیان لەدەست دەدەن.

گروپی (o) و ڕێژەی بونیان لەسەر زەویدا [٢٥]:

١. گروپی (+o)بریتیە لە ٤٠ %
٢. گروپی (-o)بریتیە لە ٧%

تەوەری دووەم : هەندێ لە سیفات و تایبەتمەندیەکانی کەسێتی گرووپی(A)

١. بەم گرووپە دەوترێت گرووپی خۆڕاگر و نەگۆڕ(الفصیلة الصامدة).
٢. تا ڕاددەیەکی زۆر عەقڵانین و بە زۆری عەقڵگەرای لە پێش سۆزدارییەوەیە،بۆ نموونە جیاوازی نێوان دوو دایك یەکێکیان (A) یەکێکیان (B) ، ئەگەر لە هاویندا مناڵی دایکە (A) داوای ساردەمەنی بکات بزانێت بۆی خراپە نایداتێ بەڵام مناڵی دایکە (B) کە لە زستانیش دا داوای ساردەمەنی بکات و بۆشی خراپ بێت لەوانەیە بۆی بکڕێت.
٣. لە مامەڵەیاندا هەڵەشە و هەڵچوو نین و تا ڕاددەیەکی زۆر هەڵوێستیان نەگۆڕە و ڕاڕا نین.
٤. دڵێکی بەبەزەیی و ناسکیان هەیە.

٥. حەزیان لە ماڵ و سەفەرو گەشت و سەیرانە.
٦. زۆر ڕاشکاون لە قسە کردندا و زۆر ڕقیان لە غەیبەتە.
٧. تا ڕاددەیەك قسەکانیان ڕەقە و بەرامبەر بریندار دەکەن.
٨. بۆ کەسە نزیکەکانی خۆیان قوربانیدانی زۆریان هەیە.
٩. زۆرلەسەرخۆن و هێواشن.
١٠. تا ڕاددەیەکی زۆ هەستیارن.
١١. بەخشندەن.
١٢. جیاواز دەژین لە خەڵکانی تر و لایان گرنگ نیە خەڵك چۆن دەژی و قەناعەتیان بەوەی خۆیان هەیە.
١٣. زیاتر مادیانە بیر دەکەنەوە.
١٤. بناغەی پەیوەندی بەستن لای ئەوان بەرژەوەندیە ، زیاتر بەدوای بەرژەوەندیەکانیەوەن.
١٥. حەزیان لە پیاهەڵدانە و دەیانەوێت دەربکەون.
١٦. حەزیان لە رووبەڕوو بونەوە نیە لەگەڵ نەیارانیاندا بەڵکو زیاتر حەزیان بە موئامەرەو پیلانی ژێربەژێرە.
١٧. زیاتر سەرسامن بە ستایلی ژیانی ڕۆژئاوایی.
١٨. تێڕوانینیان بۆ شتەکان تەنها ڕووکەشییەو ئەوەی لایان گرنگە زیاتر روخساری دەرەوەیە.
١٩. زۆرلەهەوڵی ئەوە دان داهاتوی خۆیان یەکلایی و بێ خەم بکەن.
٢٠. بەرژەوەندی خۆی پێش هەموو شتێکەو ئامادەیە لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆی شانی خەڵك بکاتە پردێك و بەسەریدا بپەڕێتەوە.
٢١. ڕۆلی عاتیفەو سۆز زۆر لاوازەو بایەخێکی وای نیە.

هەندێك لە خاڵی لاوازی گرووپی:(A)

١. تا ڕاددەیەك شەرمنن.
٢. ڕەش بینن.
٣. داخراون و هەمیشە ئەوەی ناخی خۆیان دەخۆنەوە.
٤. لە بوونی هەرکێشەیەکدا لە خەڵکی دووردەکەونەوە.
٥. تا ڕاددەیەك لە ئەنجامدانی کارەکانیان خاون .گرنگ ئەوەیە بە دڵی خۆیان بیکەن ئیتر کێشە نیە بە چەند تەواو دەبێت.
٦. زۆر باوەڕیان بە خۆیە و نکۆڵیکردنیان تێدایە.

ڕێژەی ئەم گروپە (A) لە ناو خەڵك[٢٦] :

١. گروپی (A+) بریتیە لە ٣٤% .
٢. گروپی (A-) بریتیە لە ٦% .

تەوەری سێ یەم : هەندێ لە سیفات و تایبەتمەندیەکانی کەسێتی گرووپی(B) :

١. پێیان دەوترێ گرووپی داهێنەرەکان.
٢. بەهۆی ئەوەی کە زیرەکی زۆریان تێدایە تا ڕاددەیەك خۆبەزلزانن.
٣. کۆششکارن و تەماحیان زۆرە.
٤. زۆر داهێنەرن بەڵام نایانەوێت کەسی یەکەم بن لە کارەکاندا.
٥. ڕۆمانسین.
٦. سادەن لە بیرکردنەوەکانیاندا.
٧. زۆر گرنگی بە ڕای بەرامبەر نادەن.

٨. بەزوویی توشی خەمۆکی دەبن.
٩. زۆر بەبەزەیین و کاریگەریان لەسەر دروست دەبێت.
١٠. بە خێرایی دەتوانن لە ژینگە جیاوازەکان خۆیان بگونجێنن.
١١. زۆر بەسەرنجدانن بۆ دەوروبەر و خێرا دەرك بە شتەکان دەکەن و جیاوازیەکان دەکەن.
١٢. داهێنەرن و بەردەوام حەزیان لە نویێ بونەوەیە ، بۆیە بەردەوام لە کارکردندان.
١٣. هێدی و ئارامن ، تورەیی زاڵ نابێت بەسەریاندا،وە بە ئاسانی لە تورەییدا بڕیار نادەن.
١٤. سەرنجراکێشن و کاتێك لێ یان نزیك دەبیتەوە زوو وادەکەن قەناعەت بکەی.
١٥. حەزیان لە پیادەکردنی وەرزشی بیرکردنەوەیە،حەزیان لە سەرنجدانە.
١٦. بەردەوام بڕیاری لە ناکاویان هەیە.
١٧. بیرکردنەوەکانیان لە ئەو دیوی ماددەیەو پێچەوانەی گروپی(AB,A) .
١٨. کەسایەتیەکی هاوسەنگ و جوانیان هەیە.
١٩. کارلەجێن وبەجوانی و ڕێکوپێکی کارەکانیان ئەنجام دەدەن.
٢٠. هەرگیز نایانەوێت لەکارێك دا بمێننەوە کە دڵەڕاوکێیی تێدابێت وخۆیانی لێ دەرباز دەکەن ئەگەر بەزیانی مادی خۆشیان تەواو ببێت.
٢١. هەستەوەری شەشەمیان بەهێزە.
٢٢. شانازی بەخۆیەوە دەکات و ناهێلێت کەسێتی بروشێت لە پێناوی مادەو بەرژەوەندی.
٢٣. لەگەڵ هەموان بەجوانی مامەڵە دەکات و ئەگەر لەکەسێکیش تورەبوو ناتوانێت سەیری بکات چونکە هەموو هەستەوەریەکانی لە دەموچاوی دایە.وەخەو لە چاوەکانی دەزرێت کێشەی لەگەڵ بەرامبەرەکەی چارەسەر نەکردبێت.
٢٤. تەبیعەتێکی نەرمونیانیان هەیە ،زۆر بەدرەنگ تورە دەبن و زۆر لێبووردەن بەڵام کە تورەبوون لەوەڵام دانەوەو بەرەنگاربوونەوە زۆر توندن .
٢٥. گەورەترین فیتنە بۆ ئەم گروپە ئافرەتەو شکستخواردوون بەرامبەریان وتوشی هەڵەیان دەکەن زیاد لەگروپەکانی تر.
٢٦. حەزیان لەتەنیایی و بیرکردنەوەی زۆرو هێمنانەیە.
٢٧. زۆر سود لە شکستەکانی خۆیان و دەوروبەریان وەردەگرن و ناهێڵن هەروا بەسەریان دا تێ بپەرێت.
٢٨. ئەگەر پۆستێکیان پێ بسپێرن زۆر بە سەرکەوتوویی بەڕێوەی دەبەن ، خۆیان فێڵ ناکەن و ناهێڵن کەسیش فێڵیان لێ بکات ،چونکە زۆر وردکارو بەسەرنجن.
٢٩. لەهەر روویەکەوە بێت زۆر حەزیان لەیادەوەریەکانی ڕابردووە.
٣٠. دراماو دیاردە عاتیفیەکان زۆر کاریگەریان لەسەر دروست دەکات بەڕادەیەك ئەیانخاتە گریانەوە.
٣١. حەزیان لەمامەڵەی توند وزبر نیە لەگەڵ خانەوادەکانیان.

هەندێك لە خاڵی لاوازی کەسێتی گروپی:(B)

١. بێبەرنامەن و هەڕەمەکین لە ژیاندا و ناتوانن بە بەرنامە بژین.
٢. لە کاتی تورەیی و بێتاقەتیدا حەزیان لە تەنیاییە. ٣
٣. زوو زوو توشی خەمۆکی دەبن.
٤. زۆر گوێرایەڵ نین بۆ فەرمان.
٥. بە واقیعی خەڵکی ناژین و خۆیان بڕیار دەدەن.
٦. میزاجین و ئەو شتەی زۆر لایان باشە دوای ماوەیەك ڕایان بەرامبەری دەگۆڕێت و شتی تر جێکەی دەگرێتەوە٧.
٧. تا ڕادەیەك دەست بڵاون بەهۆی ئەوەی کە پارە لای ئەوان نرخی نیە

ڕێژەی ئەم گرووپە (B) لەناو خەڵك[٢٧] :

١. گرووپی (B+) بریتیە لە ٨%

٢. گرووپی (-B) بریتیە لە ١%

تەوەری چوارەم : هەندێ لە سیفات و تایبەتمەندیەکانی گرووپی (AB) :

١. پێیان دەوترێت گروپی دیبلۆماسی و بەغیل و دەگمەن.
٢. زیاتر لە خەیاڵدا دەژین .
٣. یادەوەریەکی زۆر بەهێزیان هەیە.
٤. بێزارن لەو واقیعەی کە تێیدان.
٥. ڕاستگۆن.
٦. کۆمەڵایەتین.
٧. سەرکەوتون لە بواری شیعر و ئەدەب و هونەر.
٨. حەزیان زۆر لە دروستکردنی پەیوەندی و هاوڕێیەتیە.
٩. لە هەندێ کاتدا هەستیارن.
١٠. کارەکانیان بە زوویی ئەنجام دەدەن.
١١. کەسایەتی زیرەك دەردەکەون بە جۆرێك دەتوانن لەگەڵ کەسێك و دوژمنەکانیان مامەڵە بکەن.
١٢. خەڵکی لە هاوڕێیەتی کردن لەگەڵیاندا هەست بە ئارامی دەکەن.
١٣. دەتوانن لەیەك کات دا لەگەڵ کۆمەڵێ بابەت بڕۆن و هەمووشیان بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدەن

هەندێ لە خاڵ و لایەنە لاوازەکانی گروپی:(AB)

١. خۆپارێزن.
٢.ووردکار نین و زۆر دەرك بە جیاوازیەکان ناکەن.
٣. بە زەحمەت بڕیار دەدەن.
٤. زوو توڕە دەبن.
٥. بێبەرنامەن و پەڕپوتن.
٦. حەزیان لە شاردنەوەیە بەئەندازەیەك کەناتوانرێت لایەنی کەسێتیان بە ئاسانی دیاری بکەی.
٧. کە غەمبار بوون زۆر پێوەیان دیارە و کە دڵخۆشیش بوون بەهەمان شێوە.
٨. عینادن.

ڕێژەی بونیان لە نێو مرۆڤەکان لە زەویدا[٢٨]:

١. گروپی (+AB) بریتیە لە ٣% ٢
٢. گروپی (-AB) بریتیە لە ١%

باسی سێ یەم : چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە گرووپەکانی خوێن

تەوەری یەکەم :چۆن سوود لە گرووپەکانی خوێن وەربگرین لە پێگە جیاوازەکاندا.

دوا بە دوای ئەوەی کە زانیمان هەرگروپە و تا ڕاددەیەك کەسێتیەکی جیاواز لەوانی تر دەنوێنێت، بۆیە دەکرێت سوود لەم خاسیەتە وەربگرین لە دانانی کەسی شیاو بۆ شوێنی گونجاو. وە دەتوانم لە ڕێگەی چەند نموونەیەکەوە ئەم باسە زیاتر ڕوونبکەمەوە:

١. بۆ پێگەی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردن باشترین گرووپ بە ڕای من گروپی (o) یە، چونکە توانای بڕیاردانی هەیە و چاونەترسە و سڵناکاتەوە لە دەرەنجامەکانی، زۆر داکۆکیکارە بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی
٢. مامۆستای باخچەی ساوایان بە بەزەیی بێت باشە ،بۆیە باشتروایە گروپی (o) نەکرێت بە مامۆستای باخچەی ساوایان.

٣. بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و عیلاقاتی دبلۆماسی گروپی (AB) گونجاوترینە ،چونکە توانای پەیوەندی بەستنی زۆرە و دەتوانێت لەگەڵ هەموو کەس پەیوەندی ببەستێت.
٤. بۆ سپاردنی ئەرکێکی هەمیشەیی و لەسەرخۆ باشترین گروپ گروپی(A) یە چونکە زۆر خۆڕاگرە و بە پوختی کارەکانی ئەنجام دەدات بەڵام خاوە.
٥. بۆ کاری داهێنان و نوێخوازی لەهەر شوێنێك و هەر دەزگایەك بێت باشترین گروپ گروپی (B) یە.
٦. بۆ کاری یادەوەری و زانیاری بیدە بە (AB) پاشان (O).
٧. ئەگەر نمونەیەکی ئەندازیاری لەسەر هەموانیان بهێنمەوە دەڵێم: با لە دروستکردنی باڵەخانەیەك دا ئەندازیاری تەلارسازیەکەی ( B ) بێت، ئەندازیاری شارستانیەکەی بۆ جێبەجێکردنی( A ) بێت، وەبا مقاولەکە( O ) بێت و دۆزینەوەی ستافی کارکردن و مامەڵەکردن لەگەڵیان( AB ) بێت، ئا بەم جۆرە هەست ئەکەم کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دەبێت.

هەرگیز ئەم ئەرکانە بەم گروپانە مەسپێرە کە گرووپی شیاوتر هەبوو:
١. کاری خێرا و بە پەلە مەسپێرە بە(A) .
٢. کاری ئاشتەوایی و کێشە چارەسەرکردن مەسپێرە بە (o)و بە(A).
٣. کاری ورد و سەرنج ڕاکێش مەسپێرە بە(AB) .
٤. کارێك پاراستنی یادەوەری بێت مەسپێرە بە گروپی (B) چونکە زۆر شتی بیردەچێتەوە.

تەوەری دووەم : چۆن سوود لە گرووپەکان وەربگرین بۆ دیاریکردن و سەرهەڵدانی کێشەکان و چارەسەر کردنیان.
دیارە خوای گەورە هەر مرۆڤەی لەسەر سروشت و تەبیعەتێك درووست کردووە و وایکردووە هەندێك کەس هەندێك شتی لەلا گرنگ بێت و هەندێکی تر ئیهمال بکات. هەندێ کەس شتی گەورە بە بچوك دەبینێت و هەندێ کەسی تر بە پێچەوانەوە. هەندێ کەس کێشە گەورە دەکات وە هەندێکی تر بە پێچەوانەوە. هەندێ کەس حەزی لە ئاشتەواییە و هەندێکی تر تێکدان. هەندێ کەس حەزی لە ڕاشکاویە و هەندێکی تر شاردنەوە. هەندێ کەس حەزی لە گورجوگۆڵیە و هەندێکی تر زۆر خاوە .
بۆیە ئەگەر سەرنجێکی وردی گروپەکان بدەین دیبینین لە کاتی درووست بوونی کێشەدا کەسایەتیەکان جیاوازن:
١. هەندێ کات کێشە دووست دەبێت لە نێوان ژن و مێردێك یان دوو کەس لە فەرمانگەیەکدا کە لە ژوورێك هەمان کاریان هەیە کاتێ کە گروپی یەکێکیان (o) بێت و ئەوی تریش(A) ،چونکە (o) زۆر خێرا و گورجوگۆڵە و (A) یش زۆر خاوە بۆیە توشی کێشە و ناڕەزایی بەرامبەر یەکتری دەبن.
کاتێك مێردێك (o) بێت و ژنەکەشی (A) بێت بە زۆری وایە کە لە یەکتری ڕازی نابن چونکە (o) دەیەوێت زۆر بە خێرایی بیرۆکەکانی جێبەجێ بکات و (A)یش زۆر بە خاوی و بە پوختی دەیەوێت کارەکانی ئەنجام بدات بۆیە پیاوەکە گلەیی زۆری دەبێت لە ژنەکەی کە تەمبەڵە و خاو و خلیچکە.
لە فەرمانگەیەکیشدا بە هەمان شێوە ئەم دوو گروپە بەردەوام گلەییان لە یەکتر دەبێت بە تایبەت گروپی (o) ناڕازیە لە (A) و دەڵێت بە کەڵکی ئەوە نایەت کاری لەگەڵ بکەیت.
٢. گروپی (A) زۆر ڕاشکاوە لە قسەکردندا و خۆی زۆر هەستیارە بۆ قسەی بەرامبەر بەڵام خۆیشی ڕەچاوی هەستی بەرامبەر ناکات و چی بە دڵی بێت دەیڵێت ،ئەگەر بەرامبەرەکەشی ئازار بچێژێت، بۆیە لە خێزاندا ئەم ڕاشکاویە وادەکات کە کەسانی تر بریندار بکات و زویر ببن.
٣. ئەگەر پیاوێك (A) بێت زۆر لەسەرخۆ پێداویستی ماڵ دەکڕێت و لای ئاساییە چەندین ساڵ چاوەڕێی ستایلێك بکات کە خۆی مەبەستیەتی،خۆ ئەگەر هاوسەرەکەی (o) یان (B) بێت ئەوا ناڕەزایی دروست دەبێت و ئەوان کاری بە پەلە و خێرایان دەوێت و ناتوانن ئارام بگرن وەك گروپی(A) .
٤. گروپی (o) پەرچەکدار و هەڵوێست وەرگرتنی سات بە ساتی هەیە و ناتوانێت وەڵام نەداتەوە و بۆیە بەردەوام لە سەنگەر دایە و هێرش کارە و سوورە لەسەر بیر و باوەڕی خۆی ئەمەش هاوسەرەکان نیگەران دەکات.
٥. گروپی (B) کەسێکانێکی تا ڕاددەیەك میزاجی و نوێخوازن بۆیە ئەو کاڵاو شتەی بە حەز و ئارەزووی خۆیان هەڵیان بژاردووە لەوانەیە شتێکی تر ببینن خێرا رایان بگۆڕێت و بیانەوێت ئاڵوگۆڕی بکەن،بۆیە بە دەگمەن دەبینین پیاوێکی گروپی (B) کاتێك باری دارایی باشە چەندین ساڵ یەك سەیارەی هەبێت، لە کاتێکدا لەوانەیە گروپی (A) چەندین ساڵ چاوەڕێ بکات سەیارە نەکڕێت تا دەگاتە ئەو جۆرەی خۆی دەیەوێت وە کە کڕیشی لەوانەیە چەندین ساڵ لای بمێنێتەوە و لەوانەیە بیر لە گۆڕینی هەر نەکاتەوە.

بۆیە ئەم دوو کەسایەتیە ئەگەر هاوسەر بن لەوانەیە گرفتی وایان بۆ درووست ببێت و (B) بەردەوام حەزی لە گۆڕینە و (A) یان نایگۆڕێت تا نەگاتە دڵی خۆی وە کە گۆڕیشی بە ئاسانی جارێکی تر نایگۆڕێتەوە.

٦. گروپی (AB) حەزیان لە درووستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەیە بەبێ شومار لە کاتێکدا گروپەکانی تر بەم جۆرە نین و لەوانەیە ئەم هەموو هاوڕێیە لە ژیانی هاوەرێتی دا بەرامبەرەکە نیگەران بکات.

٧. گروپی (o) هاوڕێ یەتی و دۆستایەتی قورسە چونکە هەڵوێست وەرگرتنی زۆرە و شتێك بە دڵی نەبێت نایکات ئەگەر دڵی دۆستەکانیشی نیگەران بکات ،ئەمەش لە ژیانیدا زۆر دووبارە دەبێتەوە بۆیە بەردەوام چاوەڕێی جیابونەوە و لێ تێکدانی پرۆژەی هاوبەشی لێدەکرێت،بۆ نمونە لە خێزانێکدا سەفەرێك ڕێکخرابێت و لە ناکاو کەسایەتی گروپی (o) دڵی نەیگرێت ئاساییە لەلای هەڵیبوەشێنێتەوە، بەم سیفەتەش دەوترێت (صعب المراس).

٨. گروپی(B) حەزی لە ڕەخنە لێگرتن نیە و بەردەوامیش بڕوای بە ستایشی خۆیەتی لە ژیان دا بۆیە حەزی لە کاری تاکەکەسی خۆیەتی و زۆر بەشداری لە گروپ و ڕێکخراودا ناکات ئەمەش وادەکات ئەوانەی لەگەڵیدا دەژیت بە عیناد و خۆسەپێن هەژماری بکەن.

گروبی (o) وە (A) بە ئاسانی لەگەل هەمو کەس هەڵناکەن و (o) زۆر سوورە لەسەر ڕای خۆی و پەرچەکداری زۆرە و(A) زۆر هەستیارە بۆیە کاتێك لەگەڵ (AB) لە خێزانێك دان بەردەوام ڕەخنەی بەوەی لێدەگرن کە کەسایەتی (AB) دوو ڕوویی پێوە دیارە چونکە دەتوانێت لەگەڵ تۆ و دوژمنەکەشت مامەڵە بکات چونکە کەسایەتیەکی زۆر سادەی هەیە بە پێچەوانەی (o) کە (صعب المراس)ە،ئەم خەڵکی زۆر ئارام و ئاسوودەیە لە ڕەفاقەتیکردنی.

چۆن سوود لە گروپەکان وەربگرین بۆ چارەسەری کێشەکان.

لەم باسەدا دەمەوێ تیشك بخەمە سەر لایەنێکی تر ئەویش

سوود وەرگرتنە لە تایبەتمەندی کەسێتی گروپەکان بۆ چارەسەری کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان ؟

چۆن هەموو مادده و کانزایەك لە بواری خۆیدا سوودی هەیە و تایبەتمەندی خۆی هەیە(خواص المادة) و ناکرێت هەموویان وەك یەك سەیر بکەین با ئاواش بڕوانینە کەسێتی گروپەکان.

بۆ نموونە ئاسن ڕەقە و لە بواری خۆیدا بۆ چەسپاندن و قورسی پیاهەڵگرتن و دامەزراندن وێنەی نیە،بەڵام کە بتەوێت بیچەمێنیتەوە قورسە بۆیە نابێت ڕەخنە لە ئاسن بگریت بۆ نەچەمانەوەی.

لاستیك نەرمە و لە بواری خۆیدا سوودی لێوەربگرە ڕەخنەی ئەوەی لێمەگرە بۆناتوانێت وەك ئاسن خۆی بنوێنێت.

هەموو ئەمانە لە زانستی فیزیادا پێیان دەوترێ (خواص المادە).

وەك پێغەمبەری ئازیزمان(دروودی خوای لەسەر بێت)فەرموویەتی:(ئافرەت پەراسوی خوارە ئەگەر بتەوێ ڕاستی بکەیتەوە ئەشکێت) [29] فَإِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ ، وَإِنَّ أَعْوَجَ شَيْءٍ فِي الضِّلَعِ أَعْلاَهُ ، فَإِنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهُ كَسَرْتَهُ، وَإِنْ تَرَكْتَهُ لَمْ يَزَلْ أَعْوَجَ ، فَاسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ) [30] کەواتە چۆن هەندێك جار سوود لە شتی ڕێك و ڕاست وەردەگرین هەندێجاریش سوود لە شتی خوار و چەماوە وەردەگرین،کە بتەوێت شتی چەماوە کاری شتی ڕاستت بۆ بکات ئەستەمە.

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت : (لَا يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقًا رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ» أَوْ قَالَ: «غَيْرَهُ») [31] واتە :با هیچ پیاوێك ڕق لە خێزانەکەی هەڵنەگرێت کاتێك سیفەتێکی ناشیرینی لێ دەبینێت، با کاتێ ئەم سیفەتە ناشیرینە دەبینێت سیفەتێکی جوانی خێزانەکەشی بخاتە پێش چاوی خۆی.کەواتە دەبێت مرۆڤ قبوڵی ڕا جیاوازی بکات و بەشتێکی سروشتی وەریبگرێت و هەوڵ بدات لەژیانی خێزانی خۆیدا مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ هەموو ڕەفتارو سلوکێکی خانەوادەکەی بکات، هەر شتێك بەدڵی بوو دەسخۆشی لێ بکات و ئەوەشی بەدڵی نەبوو با کێشە دروست نەکات و تێ بگات کە ئەمە سروشتی بەرامبەرەکەیەتی و لەتوانای دانەبوە خۆی بگۆڕێت، بەڵام هێواش هێواش هەوڵی چاککردنیشی بدات وەکو دکتۆر و حەکیمێك مامەڵەی لەگەڵ دا بکات.

تەوەری سێ یەم : بەراوردکردنی دەرەنجامەکانی ڕاپرسیە مەیدانیەکە

لەم تەوەرەیەدا دەمەوێت ڕاپرسیەکی مەیدانی بخەمە ڕوو کە لە ناو خوێندکارانی کۆلیجی زانستە ئیسلامیەکانی سلێمانی و چەند کولیجێکی تر ئەنجامم دابوو ، تا بزانم ڕادەی ڕاستی ئەم ئەنجامانەی لەتوێژینەوە نێو دەوڵەتیەکان کراون چ ئەنجامێك لای ئێمەش بەدەستەوە دەدات، بۆ ئەم مەبەستەش هەڵسام بە دروستکردنی چوار کلێشەی جیاواز بۆ هەر چوار گروپەکەو لەهەر یەکێکیان دا کۆمەڵێك پرسیارم ئاراستەکردن ، ژمارەی ئەو خوێندکارانەی ئەنجامەکانم لێ وەرگرتنەوە ( ٢٧٠ )خوێندکار بوو، کلێشەو پرسیارەکانیش بەم جۆرە بوون کە لەخوارەوە خستوومە ڕوو :

ڕاپرسی لەسەر سیفاتەکانی گرووپی ( A ) و ئەنجام بەڕێژەی سەدی

| ت | پێت دەوترێت الفصيله الصامده زۆر خۆڕاگر( ئایا وایت؟) | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | خۆڕاگری | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | **٦٠%** |
| ٢ | هەستت دەرنابری و هەر ئەیخەیتە ناختەوە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ٣ | هەستیاری | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ٤ | عەقڵ پێش عاتیفە دەخەیت | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ٥ | ئارامگرو بەتەحەمولی | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ٦ | لەهەڵسوکەوتتدا هەڵچوو هەڵەشەنیت | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ٧ | خاویت لە ئەنجامدانی کارکان | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ٨ | حەزت لە سەیران و سەردانە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ٩ | قوربانی دەری لەپیناو نزیکەکانت | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ١٠ | دڵسۆزیت بۆ رفیق و کەسەکانت | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١١ | راشکاویت و رقت زۆرلە غەیبەتە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١٢ | شەرمنیت | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ١٣ | رەشبینیت | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ١٤ | حەزت لە گفتوگۆو ڕاگۆرینەوە نیە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ١٥ | عینادو خۆپاریزی | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ١٦ | حەزت لە ئاشتیە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١٧ | حەزت لە شتی پوخت و جوانە با زۆریش بخایەنیت، | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |

ڕاپرسی لەسەر سیفاتەکانی گرووپی ( O ) و ئەنجام بەڕێژەی سەدی

| ز | سیفاتەکان | ڕاددەی بەدیکردنی سیفەتەکە لە کەسەکەدا | | | | ڕێژەی سەدی هێڵ بەژێرداهاتوو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ت | پێتان دەوترێت الفصیلە القیادیە سەرکردەیی( ئایا وایت ؟) | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١ | رادەی باوەڕبەخۆبوون | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ٢ | تەماح و خولیاییت بۆ شتیك کەمەبەستتە(هیمەتت بەرزە) | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ٣ | زوو هەڵدەجیت و خۆتت بۆ ناگیریت و وەڵام دەدەیتەوە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ٤ | ئاواتی پیشەنگی وکەسی یەکەم بوون( قیادی بوون لەژیاندا) | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ٥ | لە دەرەنجام نەترسان وچاونەترس | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ٦ | چالاکی و ماندوو نەبوون و ئیش کەر | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ٧ | بەخشندەیی وبەخشین | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ٨ | بەدوای پۆست و دەسەڵات کەوتن | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ٩ | توانای تەرکیز و سەرنج دان | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ١٠ | حەزت لەخویندنە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ١١ | زوو لەشت وە لەبەرامبەر تێدەگەی | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١٢ | لێبوردەیی و رابردوو لەبیر دەکەی | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ١٣ | قەلەق بۆ داهاتووت | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١٤ | حەزت لەوەرزشکردنە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ١٥ | پەرچەکردارت چۆنە،ئەتوانی دان بەخۆتا بگریت لە شتیك کەبەدڵت نەبوو | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١٦ | حەزت لە پێشبرکی یە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ١٧ | سووربونت لەسەر رای خۆت | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |

ڕاپرسی لەسەر سیفاتەکانی گرووپی ( B ) و ئەنجام بەڕێژەی سەدی

| ز | سیفاتەکان | ڕاددەی بەدیکردنی سیفەتەکە لە کەسەکەدا | | | | ڕێژەی سەدی هێڵ بەژێرداهاتوو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ت | پێتان دەوترێت داهێنەر (الفصيله المبدعه) ئایا وایت ؟ | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١ | هاوسەنگی عەقلی و فیکری | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ٢ | کەسایەتی سەربەخۆو ئەنجامدانی کارەکان بە ستایل و شیوازی خۆت | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ٣ | گەشبین و فراوان بینی شتەکان | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ٤ | داهینەری و حەزت لەنوی خوازی بەردەوامە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ٥ | خۆگونجێنی خیرا لەگەل خەلك و دەوروبەر | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ٦ | ناوبەناو حاڵەتی تەمەڵی و بیتاقەت بوون بەسەرت دادیت | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ٧ | بەتەماحیت بۆ ئەم شتانەی مەبەستتن بەڵام حەزت لە کورسی و پێگەی یەکەم نیە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ٨ | سروشتت ڕۆمانسیە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ٩ | عاتیفی و سۆزداری | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١٠ | ئەعصابت ئارامەو نەرم ونیانی | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ١١ | سەرنجراکێشی | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ١٢ | وردکارو سەرنجت وردەو خیرا هەست بەکەم و کوری و جیاوازیەکان دەکەی | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١٣ | هەڵویستەکانت چاوەروانکراونین | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١٤ | بەئاسان گویراپەڵ نابیت | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١٥ | فەوزەوی و شتت زوو بیر دەچێتەوە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١٦ | سووریت لەسەر سەربەخۆیی خۆت بەهۆی زیرەکیتەوە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١٧ | لەنیازو خەڵکی باش تیدەگەی و ئەتوانی راوبۆچونیان قبوڵکەی کەجیاوازیش بن | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١٨ | لەکاتی تورەبون حەزت لەتەنیاییە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١٩ | خەمۆکی بەرۆکت دەگریت هەرکاتێ شتێکت بەدڵ نەبێ | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ٢٠ | حەزت لە ڕەخنە لێگرتن نیە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |

| ز | سیفاتەکان | ڕاددەی بەدیکردنی سیفەتەکە لە کەسەکەدا | | | | ڕێژەی سەدی هێڵ بەژێرداهاتوو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ت | پێتان دەوترێت الفصیله الدبلوماسیه قسەزان ؟ | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١ | یادەوەریت زۆر بەهێزە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ٢ | خۆباریزیت | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ٣ | کارەکان بەخێرایی جێ بەجێ دەکەیت | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ٤ | سادەیت وراستگۆیانە چۆنیت ئاوا مامەڵە دەکەیت | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ٥ | خەڵکی لەمامەلە لەگەڵتا ئارامە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |

ڕاپرسی لەسەر سیفاتەکانی گرووپی ( AB ) و ئەنجام بەڕێژەی سەدی

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | لە خەیاڵدا دەژیت ودەستیکی باڵات هەیە لە ئەدەب وشیعر | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ٧ | کۆمەڵایەتی وخاوەنی هاوڕێ ی زۆری | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ٨ | دیبلوماسی | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ٩ | زۆر زیرەکی لە خۆدەربازکردن لە کێشەو هەڵویستەکانت | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١٠ | باوەرپەخۆیت لەکارەکانتدا | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١١ | زیرەك دەردەکەوی بەجۆری ئەتوانی لەگەڵ کەسێك و دوژمنەکەشی مامەڵەبکەیت | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |
| ١٢ | وردکارنیت لە کار و قسەو گفتوگۆکانت | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ١٣ | حەزت لە شاردنەوەیە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ١٤ | فەوزەوی | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ١٥ | عینادو خۆپاریزی | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٦٠% |
| ١٦ | کە غەمباربویت زۆر پێتەوە دیاردەبێت و کەدڵخۆشیش بیت بەهەمان شێوە | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆرزۆر | ٧٠% |

ئەگەر بێین شیکاری دەرەنجامی ڕاپرسیەکە بکەم دەبینن لە کۆمەڵێك سیفات دا تا ڕادەیەکی بەرچاو دەرەنجامەکان پشتیوانی لە ئەسڵی توێژینەوەکەم دەکات و دڵنیاشم کە دەرەنجامێکی تەواو دەست نەکەوتووە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشداربوان لە بەشێکی پرسیارەکان تێنەگەیشتوون چونکە کەمێك بەخێرایی ئەنجام درا و بە تەواوەتی ئامادەسازیم بۆی نەکردبو.

ئەگەر لەسەر گروپی (O) قسە بکەم و دەرەنجامەکان بەراورد بکەم بەم جۆرەیە لە کۆی (١٠٨) بەشدار بوو.

أ. ڕێژەی زیاتر لە ٧٠% بەشداربوان دانیان ناوە بە بوونی ئەم سیفەتانەی خوارەوە بە ڕاددەی زۆریان زۆرزۆر.

سیفاتەکان ئەمانەن:

ڕێژەی باوەڕ بەخۆبوون، تەماح و خولیاییت بۆ شتێك کە مەبەستتە،زوو هەڵدەچێت خۆي بۆ ناگرێت و وەڵام دەداتەوە ،ئاواتی پێشەنگی و کەسی یەکەم بوون،لە دەرەنجام نەترسان و چاو نەترس ،چالاکی و ماندوو نەبوون و ئیشکەر،بەخشندەیی و بەخشین،زوو لە شت وە لە بەرامبەرەکەی تێدەگات،سوربونی لەسەر ڕای خۆی، قەلەقە بۆ داهاتو. بە بەزەیی و عاتفین.

ب. بەڕێژەی زیاتر لە ٦٠% لە بەشداربوان دانیان ناوە بە بوونی ئەم سیفاتانەی تێدایە بە ڕاددەی زۆریان زۆرزۆر.سیفاتەکان ئەمانەن:

بەدوای پۆست و دەسەڵات کەوتن ، توانای تەرکیز و سەرنج دان ، حەزت لەخویندنە ،لێبوردەی ڕابردوو لە بیردەکەی، حەزت لە وەرزش کردنە،حەزیان لە پێشبڕکێیە.

ئەگەر بەراوردێکی دەرەنجامەکانی گروپی (AB) بکەین بەم جۆرەیە:

أ. ڕێژەی (٧٠% ) بەشداربوان کە ژمارەیان (٢٩) کەس بوو دانیان بەوە داناوە کە ئەم سیفاتانەیان بە ڕاددەی زۆریان زۆرزۆرتێدایە.

پێتان دەوترێت الفصیله الدبلوماسیه قسەزان ، کارەکان بەخیرایی جێ بەجێ دەکەیت ،خۆپارێزیت،سادەیت و ڕاستگۆیانە چۆنیت ئاوا مامەڵە دەکەیت،باوەڕبەخۆیت لە کارەکانت دا،کەسایەتی زیرەك دەردەکەویت و بە جۆری ئەتوانی لەگەڵ کەسێك و دوژمنەکەشی مامەڵە بکات لە یەك کات دا،کە غەمبار بوویت زۆر پێتەوە دیار دەبێت و کە دڵخۆشیش بوویت بە هەمان شێوە، لە خەیاڵدا دەژیت ودەستیکی باڵات هەیە لە ئەدەب وشیعر.

ب. ڕێژەی (٥٠%) بەشداربوان کە ژمارەیان (٢٩) کەس بوو دانیان بەوە دا ناوە کە ئەم سیفاتانەیان بە ڕاددەی زۆریان زۆرزۆرتێدایە.

سیفاتەکان ئەمانەن:

یادەوەریان زۆر بەهێزە،خەڵکی لە مامەڵەدا ئارامە لەگەلیان ،کۆمەڵایەتی و خاوەنی هاورێی زۆرن،عیناد و خۆپارێزن، وردکارنیت لە کار و قسەو گفتوگۆکانت، حەزت لە شاردنەوەیە، فەوزەوی.

ئەگەر بێین شیکاری راپرسیەکە بکەین لە سەر گرووپی(A) بەم جۆرەی خوارەوەیە ژمارەیان (١٠٥) بەشداربووە.

أ. رێژەی (٧٠%) بەسەرەوە دانیان بەوەناوە کە ئەم سیفاتانەیان بە رادەی زۆر یان زۆر زۆر تێدایە.

سیفاتەکان ئەمانەن:

پێت دەوترێت الفصیله الصامده زۆر خۆڕاگر ، هەستت دەرنابری و هەر ئەیخەیتە ناختەوە ، ئارامگرو بەتەحەممولی ، لەهەڵسوکەوتتدا هەڵچوو هەڵەشەنیت ،دڵسۆزن بۆ هاورێ و کەسەکانیان،ڕاشکاون و رقیان زۆر لە غەیبەتە،حەزیان لە ئاشتییە،حەزیان لەشتی پوخت و جوانە با زۆریش بخایەنێت.

ب. بە رێژەی (٦٠%) بەسەرەوە دانیان بەوە ناوە کە ئەم سیفاتانەیان بە رادەی زۆر یان زۆر زۆر تێدایە.

سیفاتەکان ئەمانەن:

خۆڕاگری،هەستیاری،عەقڵ پێش عاتیفە دەخەن،حەزیان لە سەیران و سەردان و گەشتە، خاویت لە ئەنجامدانی کارکان ،قوربانی دەرن لە پێناو نزیکەکانیان،شەرمن، رەشبینیت، حەزت لە گفتوگۆو ڕاگۆرینەوە نیە، عینادو خۆپاریزی.

ئەگەر بێیین شیکاری دەرەنجامەکانی گروپی (B) بکەین بەم جۆرەی خوارەوەیە:

أ. بە رێژەی زیاتر لە ٧٠% دانیان ناوە بەوەی ئەم سیفاتانەیان بە رادەی زۆر یان زۆر زۆر تێدایە:

سیفاتەکان ئەمانەن:

پێتان دەوترێت داهێنەر (الفصیله المبدعه) ، هاوسەنگی عەقلی و فیکری ، ئەعصابت ئارامەو نەرم ونیانی ، بەئاسان گویرایەڵ نابیت ، فەوزەوی و شتت زوو بیر دەچێتەوە ،گەشبین و فراوان بینن بۆ شتەکان،عاتیفی و سۆزدارن،وردکارن و سەرنجدەرن ، خێرا لە کەمو کورێ و جیاوازیەکان تێدەگەن،لە نیازو مەرامی خەڵکی زۆر باش تێ دەگەن، دەتوانن راوبۆچونی ئەوانیش قبوڵ بکەن ئەگەر جیاوازیش بن،بەهۆی زیرەکیانەوە سورن لەسەر سەربەخۆیان،لەکاتی تورەبوون حەزیان لە تەنیاییە، حەزت لە رەخنە لێگرتن نیە.

ب. وە بە رێژەی زیاتر لە ٦٠% دانیان ناوە بەم سیفاتانە بە رادەی زۆر یان زۆر زۆر تێدایە.

سیفاتەکان ئەمانەن:

کەسایەتیەکی سەربەخۆین لە لە ئەنجامدانی کارەکانیاندا ، دەیانەوێت بە ستایلی خۆیان کار بکەن،داهێنەرن و حەزیان لە نوێخوازیە بە بەردەوامی،خۆگونجێنن بە خێرایی لەگەڵ دەوروبەریان،حاڵەتی تەمەڵی بێتاقەت بوون بەسەریاندا دێت ناو بەناو،بە تەماحن بۆ ئەو شتانەی مەبەستیانە ، بەڵام حەزیان لە کورسی و پێگەی یەکەم نیە،ئەعصابیان ئارامە و نەرم و نیانن،سەرنج راکێشن ،میزاجی ناوبەناو حەزەکانیان دەگۆرێن،بەزوویی شتیان بیر دەچێتەوە.

## دەرەنجام:

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیە دەتوانم ئاماژە بە کۆمەڵێك خاڵ بکەم کە وەك دەرەنجام پێ یان گەیشتووم، لەوانە :

١. خوای گەورە داوامان لێ دەکات لێکۆلینەوە لە سروشت و تەبیعەت و ناخی خۆمان وەکو مرۆڤ بکەین.

٢. خوای گەورە مرۆڤەکانی لەسەر تەبیعەت و سروشتی جیاواز دروستکردوەو ئەگەر بتەوێت کەسێك وەکو تۆ بیر بکاتەوە ئەوە تەنها خۆتت دەست ئەکەوێت ، بەڵام کەسانێکی زۆرت دەست ئەکەوێت کە تەبیعەت و بیرکردنووەیان لەتۆوە نزیکە.

٣. هەریەك لە چوارگروپەكانی خوین تایبەتمەندێتی كەسێتی خۆیان هەیە و لەیەكتری ناچن.
٤. خاڵی هاوبەش لە تەبیعەت و سروشت لەنێوان هەموو گروپەكان هەیە با جیاوازیش بن.
٥. تەبیعەت و سروشت زۆر قورسە بگۆڕێت ،بەڵام پەروەدەو دین و موحاسەبەی خود دەتوانن سروشتی مرۆڤ رێك بخەن و چاكسازی لە رەفتارەكانی دا بكەن ، بەڵام ناتوانن بنبڕی بكەن.
٦. دوو كەس هەمان گروپی خوێنیان هەبێت تەبیعەتیان زۆر لەیەكەوە نزیكە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت كە جیاواز نین و بەڵكو كاریگەری ژینگەیی وخێزانی و كلتوری كۆمەڵگەو پەروەردە هەموویان هۆكارگەلێكن بۆ جیاوازی تەبیعەت.
٧. تەمەن و ئەزموون كاریگەری بەرچاوی هەیە لە دەركەوتنی تەبیعەتێكی دیاریكراو ، یاخود تەبیعەت گۆران ، لەوانەیە باوك و كورێك تەبیعەتیان جیاواز بێت بە حوكمی تەمەن با گروپەكەشیان هاوشێوە بیت ، بەڵام لەوانەیە كورەكەش كە گەیشتە هەمان تەمەن هەمان تەبیعەت و بیركردنەوەی بۆ دروست ببێت، هەروەك چۆن نەمامێك لە ساڵی یەكەمی دا تەنها گەڵای هەیەو نە گوڵ نە بەر نە درکی نیە بەڵام دوای چەند ساڵێك هەموو ئەمانەی تێدا بەدی دەكرێت. كەواتە تەمەنیش كاریگەری هەیە بۆ دەركەوتنی هەندێ سیفات ، هەر بۆیەشە پێغەمبەرمان صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی بۆ دیاری كردنی هاوسەری ژیان سەیری خاڵی مناڵەكانتان بكەن واتە برای ئەو كچەی دەیخوازیت.
٨. خوێندنەوەو ناسینی كەسێتی مرۆڤ لە رێگەی گروپەكانی خوێنەوە زۆر جیاوازە لە دیاریكردنی كەسیتی لە رێگەی بورجەكانەوە كە ئەمەیان حەرامكراوە، جونكە یەكەمیان دەچێتە خانەی لێكۆڵینەوە لە سروشتی مرۆڤ ( وفي أنفسكم افلا تبصرون)[٣٢] بەڵام دووەمیان بێ بنەمایەو دیاریكردنی چارەنوس وداهاتوی مرۆڤە كە بەس خوا دەیزانێت لە رێگەی شتی خورافی نا زانستی.
٩. باسی گروپەكان بە هیچ جۆرێك پەیوەندی بە دیاریكردنی داهاتوو پێشبینیەكانەوە نیە.
١٠. دەكرێت لەم باسەوە پێكەوە ژیان دەرفەتی باشتری بۆ برەخسێت و ئومێدی خۆ گونجاندن لای هەندێك لەخێزانەكان دروست ببیتەوە بە ویستی خوا بتوانن لاپەڕەیەكی نوێ هەڵبدەنەوە.
١١. دەكرێت لەم باسەوە مرۆڤ خۆی باشتر بناسیت و هەوڵی چاكسازی لەخۆیدا بدات و پیش هەوڵ دانی چاكسازی لەخەڵك، لێرە بەدوا وەكو دكتۆرێك بروانێتە گرفت و ونیشانە وهۆكارەكانی.

## پێشنیار و راسپاردە :

پێشنیار دەكەم لە ناوەندە ئەكادیمی و زانستیەكان دا ئەم باسە وردتر كاری لەسەر بكریت و توێژینەوەی مەیدانی فراوانتر لەسەر موجەب و سالبی گروپەكانیش بكرێت چونكە حەتمەن ئەوانیش جیاوازیان هەیە ، بەنمونە ئۆ موجەب و ئۆ سالب جیاوازیان هەیە، هەردوو لایان كەسیتی سەركردەیین ،بەڵام یەكێكیان لەرووی سیاسەت و بەریوەبردن و ئەوی تر لەبواری كۆمیدیاو هونەر، وە بەدڵنیاییەوە هەموو گروپەكان موجەب و سالبەكانیان جیاوازیان هەیە .

١. هەموو گەنجێك وشیاربێت لەبارەی كەسێتی خۆیەوەو هەروەها كەسیتیەكانی تریش بناسێت بۆ ئەوەی كاتێ دەچێتە قۆناغی ژیانی خێزانیەوە بزانێت چۆن مامەڵە بكات و كەمترین گرفتی بۆ دروست بێت
٢. هەموو هاوژینێكیش كە چۆتە قۆناغی ژیانی خێزانیەوە وشیاربێت لەبارەی كەسێتی خۆیەوەو هەموو كەسیتیەكانی تریش بناسێت بۆ ئەوەی بزانێت چۆن مامەڵە بكات و كەمترین گرفتی بۆ دروست بێت.
٣. توێژینەوەی مەیدانی گرنگی زۆری پێ بدرێت بۆ دیاریكردنی هۆكاری كێشە خێزانیەكان و سەرهەڵ دانیان.

كۆتا ووتەشم سوپاس و ستایشی بێ پایانە بۆ پەروەردگاری جهانیان.

## ملخص البحث(العربيه):

تأثير فئات الدم في حدوث المشاكل الزوجية والإجتماعية

أصل فكرة هذا البحث كانت نتيجة تتبع ودراسة ومقارنة عملية لأكثر من خمس سنوات.

وللتأكد من صحة هذا البحث اعتمدت على عدة أمور منها البحوث والأوراق التي نشرت في هذا المجال ثم مقارنة محتويات هذه البحوث بأرض الواقع وذلك من خلال مهنتي كمدرس وامام وخطيب بتطبيق النتائج على شخصيات كثيرة، وأخر ما اعتمدت عليه هو القيام بدراسة ميدانية لمجموعة من طلاب الجامعة وذلك بتوجيه عدة أسئلة خاصة بفئة دمهم ، وجمع الأجوبة ومقارنتها.

ولا شك أن المشاكل العائلية والاجتماعية تزداد يوما بعد يوم ، والسبب في بعضها يرجع الى أن الزوجين أو الأشخاص لهم تصورات وآراء خاصة بهم تختلف عن غيرهم وكل من الطرفين يحاول أن يقنع مقابله بما هو عليه من التفكير والتصور والرأي وهذا أمر صعب المنال.

والذي أريد أن أوصله في هذا البحث هو أن يتفهم و يقبل كل من الزوجين حقيقة وهي أن فصيلة الدم لها تأثير مباشر في تكوين شخصية المرء وفي كيفية تفكيره ومواقفه وفي تعامله مع الآخرين.

لذا من الضرورة أن يقبل كل منها مقابله بما هو عليه من الصفات والطبائع التي خلقه الله عليها.

ومن الضرورة أن يعرف كل منا شخصيته الخاصة بفئة دمه و أن يتعرف على الصفات الايجابية السلبية الكامنة فيه.

ومن الضرورة أن يعرف كل زوج شخصية شريك حياته الخاصة بفئة دمه حتى يعلم كيف يتعامل معه وبالنتيجة يستطيع أن يتغلب على معظم المشاكل الناتجة من اختلاف وجهات النظر.

وأخيرا أرجو أن يكون هذا البحث بوابة خير لكل مصلح في مهنته لكي يتعرف على شخصيات الآخرين بقصد استعماله في حل المشاكل الأسرية والإجتماعية .

كلمات مفتاحية :

فئاة الدم – المشاكل الزوجية – المشاكل الاجتماعية – تأثير

Research Abstract:

The effect of blood group on the occurrence and treatment of marital and social problems. The origin of the idea of this research has been the result of tracking, studying and comparing a process for more than five year. In order to confirm the validity of this research, I relied on several researches and papers published in this field and then compared the contents of these researches to the ground through my profession as a teacher, Imam and Khatib by applying the results to many personalities. By asking several questions about their blood group, collecting and comparing the answers.

There is no doubt that the family and social problems are increasing day by day. What I want to convey in this research is that both spouses understand and accept the fact that blood type has a direct impact on the formation of one's personality and how he thinks and attitudes and in dealing with others. It is therefore necessary to accept each of them in return for the qualities and natures that God created them.

It is necessary for each of us to know the character of his own blood group and to recognize the positive positive qualities inherent in it.

It is necessary for each husband to know the personality of his partner in his own blood class so that he knows how to deal with him and as a result can overcome most of the problems resulting from differing views.

Finally, I hope that this research will be a good portal for every reformer in his profession in order to identify the personalities of others with a view to using it to solve family and social problems.

Key words:

blood group_ marriage problems- Social problems- effect

پەراوێزەکان:

١. الذاريات: ٢١

٢. وەرمگرتوە بە دەسکاریەوە لە توێژینەوەیەك بە ناونیشانی : https://nippontimes.net/ketsuekigata/أنماط الشخصية حسب فصيلة الدم/ طبي.

٣. وەرمگرتوە بە دەسکاریەوە لە چەند توێژینەوەیەك بە ناونیشانی : في اليابان فصيلة الدم تحدد سمات الشخصية-اليوم السابع https://m.youm7.comk.,مقال بعنوان : كاتسوكي غاتا... تحديد الشخصيه من خلال زمره الدم the nippon times, تعرف على شخصيتك من خلال فصيلة دمك | علم وعالم Alsumaria TV

٤. https://www.alsamim.com/topics/315
٥. المعارج: ١٩ - ٢٢
٦. هود: ١١٨ - ١١٩
٧. الكهف: ٣٧
٨. الروم: ٢٠
٩. المؤمنون: ١٢
١٠. محمد هاشم البشير. .(2011-01-01) *فيزياء الكون الحديثة*
THE CHEMICAL ELEMENTS SORTED BY ATOMIC NUMBER", www.periodni.com, Retrieved 2018-12-4. Edite
١١. العناصر الكيمائيه في جسم الإنسان : أكاديمية قمم للتدريب عن بعد https://qmm-academy.com
١٢. الروم: ٢٢
١٣. النساء:٢٨
١٤. الأنبياء:٣٧
١٥. الكهف:٥٤
١٦. الاحزاب : ٧٢
١٧. المعارج : ١٩
١٨. العاديات : ٦، عبس : ١٧
١٩. المعارج : ٢١
٢٠. العلق: ٦
٢١. صحيح مسلم، كتاب البر والصلة والآداب، باب الأرواح جنود مجندة، رقم.(2638)
٢٢. سنن أبي داود (٤٦٩٣) وصححه الألباني .
٢٣. وەرمگرتوە بە دەسكاريەوە لە توێژينەوەيەك بە ناونيشانى : معلومات رهيبة من الفصائل يمكن أول مرة تسمعها...المختبرات الطبية
٢٤. وەرمگرتوە بە دەسكاريەوە لە چەند توێژينەوەيەك بە ناونيشانى : فصيلة دم الانسان تحدد شخصيتهhttps://www.dw.com. ما الذي تقوله فصيلة دمك عنكalhloom.com ، أنماط الشخصية حسب فصيلة الدمwww.alkawthartv.com
٢٥. https://www.healthline.com/health/rarest-blood-type#rarest-type
٢٦. https://www.healthline.com/health/rarest-blood-type#rarest-type
٢٧. https://www.healthline.com/health/rarest-blood-type#rarest-type
٢٨. https://www.healthline.com/health/rarest-blood-type#rarest-type
٢٩. البخاري في "صحيحه" (٣٣٣١) ومسلم في "صحيحه(1468) "
٣٠. البخاري في "صحيحه" (٣٣٣١) ومسلم في "صحيحه" (١٤٦٨)
٣١. صحيح مسلم- كتاب الرضاع- باب الوصية بالنساء- ٢٦٧٢.
٣٢. الذاريات : ٢١


## سەرچاوەکان


١. أنماط الشخصية حسب فصيلة الدم ، الصيدلانية مي فياض من جامعة العلوم والتكنولوجيا مع ماجستير في السموم والعلوم الجنائية https://nippontimes.net/ketsuekigata
٢. أنماط الشخصية حسب فصيلة الدمwww.alkawthartv.com
٣. انواع الشخصيات وصفات كل شخصية ومميزاتها،إيمان محمود ٢٠١٨. Almrsal.com
٤. أنواع لشخصية في علم النفس،مجد خضر https://mawdooh.com
٥. بحث عن الشخصية فى علم النفس – من قبل المدير العام لمنتديات جمعه الصالح الاسلاميهElsaleh.yoo7.com .

٦. تعرف على شخصيتك من خلال فصيلة دمك | علم وعالم Alsumaria TV
٧. سنن أبي داود، سليمان بن الأشعث السجستاني، دار الفكر، تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد.
٨. الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله صلى الله عليه وسلم وسننه وأيامه،محمد بن اسماعيل البخاري،ت: محمد زهير بن ناصر ،دار طوق النجاة،ط:الأولى،١٤٢٢هـ
٩. الجامع الصحيح المسمى صحيح مسلم،مسلم بن حجاج النيسابوري،دار الجيل بيروت.ط:الأولى.
١٠. الفصائل الدموية والشخصية.د.عبدالله ميسو
١١. فصيلة دم الانسان تحدد شخصيته، ايمان شعبان خوري https://www.dw.com
١٢. في اليابان فصيلة الدم تحدد سمات الشخصية-اليوم السابع ، إعداد ديرا موريس https://m.youm7.com
١٣. *فيزياء الكون الحديثة*، محمد هاشم البشير. (2011-01-01).
١٤. كاتسوكي غاتا... تحديد الشخصيه من خلال زمره الدم، اعداد الموقع: the nippon times.
١٥. ما الذي تقوله فصيلة دمك عنك alhloom.com
١٦. معلومات رهيبة من الفصائل يمكن أول مرة تسمعها، من قبل المختبرات الطبية
١٧. العناصر الكيمائيه في جسم الإنسان : أكاديمية قمم للتدريب عن بعد
١٨. https://www.healthline.com/health/rarest-blood-type#rarest-type
١٩. THE CHEMICAL ELEMENTS SORTED BY ATOMIC NUMBER", www.periodni.com, Retrieved 2018-12-4. Edited.
٢٠. https://qmm-academy.com